# ڤالانتاين

**نیهاد جامی**

(1)



ڕۆژی چواردەی شوبات لە سەرانسەری دنیادا, جەژنی عەشقە جەژنێك كە بە ناوی قەشە ڤالانتاین ناونرا, دوای ئەوەی دەسەلاّتی قەیسەر بڕیاری ئەوەیدا هەموو مارە بڕینێك لەكەنیسەدا قەدەغە بكرێت, بەهۆی ئەوەی قەشە ڤالانتاین دژی ئەو بڕیارە وەستایەوەو سەر پێچی بڕیارەكەی كردو عاشقانی لەناو كەنێسەدا لەیەك مارە دەكرد , دەسەلاّتی قەیسەر دوای ئەوەی ئەشكەنجەیەكی جەستەیی زۆریی دەدەن, سەرەنجام لە 14/2/269 زایینی, لە سێدارەی دەدەن, ئەو ڕۆژەش لەلای گەنجانی ڕۆما ناوی جەژنی عاشقانی لێنرا, كەهەر بە ناوی ئەو قەشەیە ناونرا, تا لەكۆتایدا بوو بە جەژنێكی جیهانی بۆ سەرجەم عاشقانی دنیا, كە تیایدا عاشقان لەو ڕۆژەدا دیاری پێشكەشی خۆشەویستەكانیان دەكەن و ئەوانەی لەیەك دابڕاون, لەگەڵ یەكتری ئاشت دەبنەوە, ئەگەرچی ئەو جەژنەش بۆ ئێمە وەك تەواوی جەژنەكانی تر بەهێمنی و بێدەنگ بەسەرماندا تێدەپەڕێت, چونكە جەژنێكە نە دەسەلاّتی ئاینی لەپشتیەوە حیكایەتی تیا بەرهەم هێناوەو وە نە دەسەلاّتی كۆمەلاّیەتی و سیاسیی پێویستی بەو جەژنەیە بۆ گوتاری مانەوەی خێڵ و كۆمەڵگا, ئەوەش وایكردووە هەموان خۆ لە ئاستیدا گێل بكەن.

بۆیە ئەگەر لە ڕێگەی وتارێكی ڕۆژنامەوانیی لاوازیشەوە بێت پێمان باشە بتوانین بەشداریی لەو جەژنە بكەین, ئەگەر لەكۆتایدا تۆی خوێنەر گەیشتیە ئەو بڕوایەی كە ئەو وتارە زیاتر لە قسەی زاتی دەچوو, ئەوە من بڕوام وایە كە من بۆ خۆم ئاوا لەو ڕۆژە دێمە دەنگ و تۆی خوێنەریش دەتوانی بەو شێوەیەی خۆت بە دڵتە بۆ ئەو كەسەی خۆشەویستتە پێی بێیتە گۆ.

لەپشت ئەو چیرۆكەوە كۆمەڵێك ڕووداوی بیرچووی نێو یادەوەریمان بیردەكەوێتەوە, بۆیە ئەوەی نەمان وروژێنێت بەرامبەر بەو ڕووداوە هۆیەكەی ئەوەیە ئێمە لە كۆمەڵگایەكدا دەژیین كە عەشق بابەتێكی فەرامۆشكراوی نێو ژیانە , ئەوە جگە لەوەی ئێمە ناتوانین یادی ئەو ڕوژە بە پیرۆز ڕابگرین چونكە عەشق لای ئێمە نەبۆتە پرۆسەیەك بۆ ناسینی خودو دابڕان لە دنیای ئەوانیتر, بە مانای ئەوەی نەمانتوانیوە عەشق بكەینە ڕووبەرێك بۆ بەگژ داچوونەوە بە ڕەخنەی عەقڵیەتی باو, ترسێكی گەورەمان لەوە هەیە كە یادەوەری ترسێنراومان بە ئاگا بێتەوە, بەوەی ئایندەیەكی تاریك چاوەڕوانمان دەكات, چونكە هەموو ئەو چیرۆكانەی لە یادەوەری ئێمەدا قسە لە عەشق دەكەن دواجار بەرهەم هێنەرەوەی تراژیدیان, ئەو تراژیدیایە بۆتە هۆی ئەوەی تەنانەت لای عاشقانیش ئەو جەژنە زۆر بەشەرمەوە یادی بكرێتەوە, تەنانەت ئەو جەژنە بۆ ئەو عاشقانەی كە لەیەك تۆراون نەبۆتە هۆی ئەوەی كە بیكەنە بۆنەیەك بۆ ئاشت بوونەوە, چونكە چەندە دەسەلاّتی توندڕەوی نێرسالاریی بەشداریی لەمردنی عەشق دەكات بە هەمان شێوەش عاشقان خۆیان ناتوانن ئەو ڕۆحی دەسەلاّتگەرایە لەخۆیاندا بكوژن و وەك عاشقێك بەرەو دۆست بڕۆن وبڕیاری ئاشت بوونەوە بدەن, بۆیە عاشق كەسێكە كە بەشدارە لەمردنی عەشق.

كاتێك لەبەرامبەر جەژنێكدا دەوەستین پێویستمان بەوە نیە بچینە ناو ئەو مێژووە وهەڵ ومەرجەكانی, هێندەی ئەو بۆنەیە بكەینە بیانویەك بۆ دوانێكی ڕەخنەیی لەناو عەشقی كوردیی, چونكە دڵنیاین لەوەی لە كۆمەڵگایەكی سەركوتكراودا كە بەرژەوەندیە تایبەتیەكان شوێنی خۆشویستنی یەكتری گرتبێتەوە, نە سیاسیەكمان دەبێت كە كورسی دەسەلاّتی لەژیانی عاشقان لا شیرینتر نەبێت و نە پیاوێكی ئاینی وەك قەشە (ڤالانتاین)یشمان دەبێت بۆ ئەوەی بەدژی دەسەلاّتی دەوڵەت بچێتەوە و خەمی زیندەگی ئەو نەوە نوێیەی بێت, ئامادە نەبوونی ئەو دۆخ و ئەو جۆرە كارەكتەرانە وامان لێ دەكات ئەو بۆنەیە بكەینە ڕووداوێك بۆ قسەكردن لە عەشق, خۆ ئەگەر ئەو دوانە ببێتە هۆی ئەوەی مەعشوقی تورە ئاشت بكەینەوە, ئەوە بە دڵنیاییەوە كارێكی گەورە دەكەین, كاتێ ئەو وتارە ببێتە هۆی ئەوەی وەك نامەیەك بۆئاشت بوونەوە سەیر بكرێت و بۆ نووسەرەكەشی ببێتە دوانامە بۆ ماڵئاوایی.

(2)

كچە قژ خورماییەكە!

جەژنی (ڤالانتاین) ت پیرۆز..

ئەگەرچی نیازم وانەبوو هیچ وشەیەكی ترت بۆ بنووسم, بەلاّم دەشێ پیرۆزبایی ئەو جەژنە بیانویەكی باش بێت, بۆ ئەوەی لەدواین نامەدا كۆتایی بە زۆر شت بێنین و تەمی گومان لەسەر زۆر مەسەلەی پەیوەندیدار بەعەشقەوە بڕەوێنینەوە, ئەوەش هەوڵێكە بۆ ئەوەی تۆ بتوانیت

بەبێ ترس لەشەقەی باڵ بدەیت و بچیتە باوەشی پیاسەی باخچەیەکی تر, ئەگەرچی دەشێ ئەو پیاسەیەی تۆ من بباتە ناو سەفەرێکی نادیار کەدواجار لە بیابانێکی ووشکدا دوور لەچاوی هەر ئادەمیەك من لەو بیابانەدا لەتینوان بخنکێم, بەلاّم لەو بیابانەدا چاوم لە پیاسەی تۆیە لە باخچەیەکدا کە پەنجەکانت وا لە ناو دەستی کوڕە نامۆیەکی مەملەکەتە و پێی دەڵێیت" نە بەر لەتۆ کەسم خۆش ویستووە, وە نەدوای عەشقی تۆ کەسێکی ترم خۆش دەوێت" من کە گوێم لەو قسەیە دەبێت بەیانیەکی هەفتەم بیر دێتەوە, کە هەمان ڕستە بە کەمێك دەسکاری زمانەوە پێت وتووم, کە دوور نیە ئەو قسەیە بە زۆر کوڕی تریش بڵێیت, گرنگ نیە گرنگ ئەوەیە عەشق بۆتۆ بەردەوامی هەبێت و تەنیاییە کوشندەکانیش بۆ ئێمە, ئێمەی کە بە باوەشی تۆوە فریو دەخۆین, بەلاّم هەرگیز پەشیمان نیم لەوەی ڕوویدا, تکایە بەر لەوەی زۆر دوور بۆ ئاسمان و سنورو باوەشێکی تر بفڕیت, ئەو نامەیە بخوێنەرەوە, کە خەڵکی واتێدەگەن ووتارێکی ڕۆژنامەنووسیە و کەچی لەبنەڕەتدا دوایەمین نامەی منە بۆ تۆ, بیریشت نەچێت ئەگەر هەستت کرد توند ڕەویەك لەناو نامەکەدا بەدی دەکەیت ئەوە گلەیی لەخۆت بکە نەك لە من, ئەوە من نیم داکۆکی لە پیاوبوونم دەکەم ئەوە تۆی پێم دەڵێی ئێوە گەمەیەکن ئێمە چۆنمان بوێت ئاوا دەستی پێدەکەین و هەرخۆشمان کۆتایەکەی دەست نیشان دەکەین.

(3)

عەشق چیە؟ یەکێك لەو پرسیارانەی مرۆڤ لەبەردەمیدا بێ وەلاّم دەمێنێتەوە پرسیارە لەعەشق چونکە عەشق پڕۆسەیەکی نادیارە و لەناو خوددا بە پەنهانی دەمێنێتەوە, ئەو کاتانەی ناتوانین بگەینە وەلاّمی ئەو پرسیارەی کە بۆچی ناتوانین پێناسێك بۆ عەشق بخەینە ڕوو هۆی سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە, توانای ئەوەمان نیە دەسبەرداریی یادەوەریی خودیی ببین, وخەیاڵی دۆست بەخۆیەوە خەریکمان نەکات, ئەگەر دەرفەتێکی کورت بدۆزینەوە بۆ وەلاّم بەو پرسیارە, کە دواجار هەر تێکەڵی ناو یادەوەریی خودیی دەبێتەوە, هۆیەکەشی ئەوەیە دابڕینی خود لەو پرسیارە, مانای دابڕینی عاشقە لە مەعشوق, بۆیە بۆ وەلاّم بەو پرسیارە ناچار دەبین بچینە ناو کۆمەڵێك تێگەیشتن بۆ پەیوەندیی ئەو دوانەیە, ئەوەش وامان لێ دەکات بڵێین( عەشق پڕۆسەیەکە بۆ نووسینەوەی جەستە ) لەو تێڕوانینەوە هەوڵ دەدەین بەرەو تەئویل کردنی ئەو دەستەواژەیە بچین, کە بۆچی عەشق پڕۆسەی نوسینەوەی جەستەیە؟ جەستە لەدەرەوەی عەشقدا خودێکی تورەیە, خودێکە کۆمەڵگا دایبڕیوە لە ڕەگەزی بەرامبەر بە بیانوی هەمە جۆرو بەناوی ژن و پیاویەتیەوە شوناسی ڕەگەزی بەو بەخشیوە, ئەوەش بوەتە هۆی ئەوەی جەستە لای ئەو بوونێکی نەبێت و ڕووبەرێکی نەنووسراو بێت, ئەوە ڕۆحە نووسراوە, ڕۆحی پیاوەتی من و ژنێتی تۆ, بۆیە عەشق دەبێت بە دۆخێك تیایدا هەریەکە لەمن وتۆ دادەبڕێت لەدنیای ئەو ڕۆحی پیاوبوون و ژنێتیە و دەیانگوازێتەوە بۆ ئێمەی عاشق, ئێمەی عاشق یەکەم چەمکە کە تیایدا خود لەناو عەشق خۆی دەنووسێتەوە و نووسین بوون وابەستە دەکات بەدۆست, دۆست لەکوێ بوو, ژیان لەوێیە, دیارە مەبەست لەو نووسینەوەیە عەشقی سەرەتای تەمەنی هەرزەکاریی نیە یاخود ئەو عەشقەی کوردیی کە زۆر جار لەناو پاسو سەر ڕێگای مەکتەبی کچان و ناو بازار دەبێت, لەبەر خاڵێکی زۆر ڕوون, ئەویش ئەوەیە کە ئەوەیان سەرسامبوونە, نەك عاشقبوون, ئەگەر چی عاشقبوون بەشێکی پەیوەندیی بە سەرسامبون هەبێت, بەلاّم ناکرێت بکرێت بە شوناسی سەرەکی بۆ عەشق, ئەو جۆرە عەشقەی ئاماژەمان بۆ کرد عەشقێکە سەرسامبوون لەپشتیەوە ئیش دەکات, ئەوەش گوناهی گەنجان نیە بەڵکو کۆمەڵگا بەردەوام سەرکوتی کردۆتەوە, بۆیە هەستی سەرسامبوون بە عاشقبوون تێدەگات, کە لە ڕاستیدا ئەوەیان زیاتر دەلالەت لە چەپاندنی سێکسی دەکات, ئەوە گرفتی سێکسیە بڕیاری ئەوەمان لا دەدات کە عاشق بین, دەنا عەشق بڕیاری عاشقبوونی تیا نیە, عەشق ساتەوەختێك نیە بڕیاری تیا بدەین, بەڵکو ساتەوەختێکی نائامادەیەو بێئەوەی بڕیاری لێ بدەین بەرەو ئامادەبوون دەڕوات, ئەوە هەستێکە دێتە ناومان و هەرگیز کە دێت پرسیار ناکات, کەهاتیش ڕووخسەت لەکەس وەرناگرێت, بۆیە ئەوەی پەیوەندیی بەمردنی بەشێکی دیاری عەشقەوە هەبێت, پەیوەستە بە نەبوونی ئیدراك بۆ جیاکردنەوەی عەشق وسێکس لەیەکەوە, چونکە عەشق بەهیچ جۆرێك بەشێك نیە لەسێکس, لە کاتێکدا سێکس دوا خاڵە لە عەشق, بە مانای بەشێکە لێی, بۆیە کاتێك عەشقی کوردیی زوو دەکەوێتە ناو شکست پێهێنان, پەیوەندیی بەوەوە هەیە عاشق هێندەی دەیەوێ بە جەستەی دۆست بگات', بەهیچ چەشنێك نایەوێ هەستی ناوەوەی خۆی بگوازێتەوە بۆ دۆست, بەتاڵبوونەوەی ئەو وێنە ئەفسانەییەی بۆ دۆست هەمانە, لە بەتاڵبوونەوەی غەریزە بە تەواویی ئەو وێنە موقەدەسەی عەشق بەتاڵ دەبێتەوە, تەنانەت ئەو عەشقەی دەگات بە زەواجیشس دواجار مەسەلەی تەلاّق دەکەوێتە نێوانیانەوە دەبینین ئەوان لە بنەڕەتدا ئەوە عەشق نەبوو کۆی کردبوونەوە بەڵکو گرفتی چەپاندن و سێکس نەکردن لەپشتیانەوە بوو, بەوەی سەرسامبوون بە جوانی هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەبوو بەجەستە بگات, تەنانەت ڕابردووی عەشقی کوردیی پڕیەتی لەو چیرۆکانەی کەگەر بۆ یەکتری نەبن ئامادەن ڕابکەن بۆ شوێنێکیتر و هەندێ جار بۆناو شاخ و داخ و ژیان لەتەك سرووشتدا, بەلاّم ئەوکاتەی موقەدەسی عەشق بەتاڵدەبێتەوە, هەستی پەشیمانی عاشقان دادەگرێت, کەمنین ئەوانەی دوای ڕۆیشتن لەشار پەشیمان دەبنەوەو دێنەوە بەردەستی دایە و بابە و چاوەڕوانی تراژیدیای خێڵ دەکەن, ئەو بەتاڵبوونەوەیە نەك هەر بێلایەن نیە بەڵکو گوناهی عاشقە چونکە نەیتوانی بوو ئەویتر بناسێت.

لەدنیای کوردیدا قوربانی یەکێکە لەو چەمکە دیارانەی ناو گوتاری عاشقبوون, ئەوە جەللادە هەڕەشە لەعەشق دەکات, بەوەی لە کۆتایەکان دەبێت قوربانی ببەخشن, هیچ شتێکیش نیە لەکۆمەڵگای ئێمەدا هێندەی قوربانی لەیادەوەریی ئێمەدا ئامادەبوونی هەبێت, هەر لە چیرۆکی درووست بوونی قوربانی کاتێ حەزرەتی برایم دەیەوێ ئیسماعیل بکات بەقوربانی, تا ئەو ترسەی بەعس لە یادەوەری نەوەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا درووستی کرد کە هەر هەولێك بۆ دەربازبوون لەو جەللادە دواجار تراژیدیا دێت گەورەترین قوربانیمان پێدەبەخشێت, بۆیە قوربانی لە عەشقدا چەندە پەیوەندیی بەو یادەوەریە ئاینی وسیاسیە هەیە لەهەمان کاتدا ئەو فانتازیای مردنەی عەشق لەناو حیکایەتەوە ئیشدەکات, بێلایەن نیە لەترسی بەخشینی ووزەی ژیان بە قوربانی, ئەوە ترسی دوو عاشقی ئەو ڕۆژگارە نیە کە بۆ یەك نابن, نا ئەوە ترس لەیادەوەریی بۆیەك نەبوونە, چیرۆکی نائومێد بوونی عەشق لەناو ڕووداوە مێژوویەکانە وا دەکات, بەر لە عاشقبوون هەستی بەخشینی قوربانیمان هەبێت, ئەوە بەو مانایە نیە کە کۆمەڵگای ئێمە ئەمڕۆ لەئاستێکی بیرکردنەوەی جیاوازدا دەژیێت, نا بەڵکو ئەو توندڕەویەی عەقڵی خێڵەکی کوردیی بە درێژایی نەوەکان درێژ دەبێتەوە, ئەوە ڕاستیەکە کە لەبەرامبەر شمشێرو تفەنگی خێڵدا عەشق حزوری نیە بەڵام بێمانایی لەو پێشبینیەیە کە عاشق خۆی بخاتە ناو هەمان گریمانەی چیرۆکەکانی ڕابردوو, و لەکاتێکدا عاشقی کوردیی ناتوانێ هەزمی ئەوە بکات کە دۆستەکەی بۆئەو نەبێت, کارەساتی گەورە ئەوەیە پێمان وابێت دەبێت پەیوەندیی خۆشەویستی بۆ ئەبەد نەمرێت, ئاخر تەمەنی عەشق‌و پەپولە چەند لەیەك دەچن بە هەمان شێوەش عەشق بۆخۆی سرووشتێکی پەڕەسێلکەییانەی هەیە, هەرکاتێك ویستت بیگریت ودەستت بەری بکەوێت بەدڵنیاییەوە دەمرێت, بەڵام عاشق لەکۆمەڵگای ئێمەدا کارەکتەرێکە ناتوانێ مردنی مەعشوق قەبووڵ بکات, تەنانەت دوای ماوەیەکی زۆریش ئەو عەشقە هەر تەنها ئومێدێکی ئەو نەبووە لە ڕابردوو بەڵکو زیندەگیەکی ئەوە بۆ ئەوەی دەستێکی خورافی بۆی زیندوو بکاتەوە, بۆیە عەشق پرۆژەیەکی ناعەقڵانیەو هەرکاتێك ویستمان بیگوازینەوە ناو عەقڵ لە ڕاستیدا وەزیفەیەکی ترمان لەعەشق دەوێت, کە هەزاران جار بە داخەوە ئەو وەزیفەیە بە عەشق جێبەجێ ناکرێت, چونکە عەشق و زەواج دوو بونیادو دوو جەستەی جیاوازن کە هەریەکە خاوەنی گوتاری تایبەتی خۆیەتی, ئەوە بەو مانایە نا کە ناکرێت ئەو دووگوتارە لەناو سیستەمی خێزان خۆیان ڕێکبخەنەوە, بەڵام مەرج نیە بەردەوام ئەو سیستەمە گوتارەکان ڕێك بخاتەوە, ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە و تاڕادەیەکی زۆر لەعەشق دوورمان دەخاتەوە, بۆیە لەبەر پیرۆزی ئەو جەژنە من بەلایدا ناچم و دێمە سەر تەوەرێکی تری قسەکردن کە پەیوەندیی هەیە بە پەیوەندیی دوانەی عاشق و دواجار وابەستەیە بە دەستکاری کردنی خەون لە عەشقدا, بەوەی کاتێك خەون لە عەشقدا دەمرێت, بەڵام ئەو جارەیان عەشق بەدەستی باوك و برا و مام تیرۆر ناکرێت بەڵکو عاشقان خۆیان دەبنەوە بەرهەم هێنەرەوەی تیرۆرو جوانی.

(4)

ئەگەر عەشق دروست کردنی پەیوەندی نێوان دوو کائین بێت, ئەوا لەنێوان ئەو دووانە خەونێك هەیە,کە تیایدا وێناکردنەوەیە بۆ ژیان, دەستکاری کردنی زەمەنە, بەوەی لە دەرەوەی ئیرادەوە ناچنە ناو ئایندەوە, بەڵکو عەشقیان بۆ یەکتری پرۆژەی خەون پێشنیار دەکات, پرۆژەیەکە لەناو خۆیدا هەڵگری ماناکانی خۆشنودیە, بەوەی چۆن پەیوەندیەکان بەپێی ویستی خۆیان ڕێکدەخەنەوە, هەموو ئەو ڕەخنانەی لە دنیای تورەی کوردی هەیانە, ئەو ڕەخنانە لە بەرەنجامی پەیوەندیەکەیان دەخوێننەوە, ئەو سیستەمەی نێو خێزان کە سیستمێکە هەرگیز لەگەڵ خەونی نەوەکان نایەتەوە, لەناو پرۆژەی خەون دەستکاری دەکرێت.

زمان لەو پرۆژەیە لەبری فرمان کردن وەزیفەکەی دەگۆڕێت, چونکە زمان لەعەشقدا چیدی بەرهەم هێنەری وێنەیەکی ڕەها نییە,کە فرماندەر بێت, بەڵکو زمان دەبێتە یۆتۆپیایەکی فرە ڕەهەند, ئەوەش پەیوەندی بەو هەموو چەپاندنەی نێو دامەزراوەکان هەیە, کە هەموویان لەناو زمان کردووە بە خەون, خەونیش ئومێدێکە بۆ هاتنەدی قەدەغە کراوەکان, بۆیە خەون لە عەشقدا بەرەنجامی بیرکردنەوەی کەسێك نییە, بەڵکو بەشداریکردنی ئەویتری دۆستە لەناو خەونی عاشقدا, هەر بۆیە ئەگەر ئەو پەیوەندیە درزی تێکەوت یان هەڵوەشایەوە, ئەوا خەونیش بۆ خۆی دەمرێت, مردنی خەون.. ڕاستر بڵێم کوشتنی خەون بەر پرسیاریەتی تاوانێکە دەکەوێتە ئەستۆی یەکێکیان, ئەوە ڕاستە هیچ تاوانێك ئەنجام نادات, بەڵام خەونی ئایندە تەسلیمی زەبروزەنگی دنیای توندڕەوی دەکاتەوە, بەر پرسیار دەبێت لە بەرامبەر سەدان تەرمی کوژراوی خەون, تەرمەکان تەنیا ڕێکخستنەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی وئابووری و پەیوەندی شتەکانی ناو ماڵ نییە, بەڵکو بەر پرسیاریەتیە لە بەردەم کوشتنی منالێك کە بەرهەمی یۆتۆپیای نێو زمان بوو, یۆتۆپیایەك عەشق دەیویست بیکاتە واقیعێك, بۆیە ئەگەر لە خۆشەویستی بێ سنوری بۆ دۆست ئەو وێنە شەرمەزاریەی کۆمەڵگا بۆ کچی هەبێت, ئەو بیر لە کچێك بکاتەوە, بەڵام دواتر دۆست ئەوە فەرامۆش دەکات, کە کچەکەی نێو خەونەکەیان کوشتووە, دۆست ئەوەی بیر دەچێت کە دەستەکانی پەڵەی خوێنی پێوەیە, ئەو کچەکەی خۆی کوشت ئەو کچەی بەرهەمی عەشق و دنیایەکی جیاواز بوو, دیارە کوشتنی کچێك لەناو عەشقدا بیرکردنەوە نییە لە خەونێك کە دەکوژرێ, بەڵام ئایا بۆ پیاو لە شەوێکی مەستیدا بێ ئەوەی بیڵێت هاورێکانیشی لێی بگەن لەناو خۆیدا بە بەردەم پێکە شەرابەکەیەوە ناڵێت ((کچەکەم.. دایکت قژی

لەباران ئەچوو, بەیانیەك پێی ووتم من و تۆ تەواو, دەبێت لەبیرم كەی و چیتر ناكرێ بیر لە من بكەیتەوە, ئەو دەیویست بەرەو لای یەكێكی تر بڕوات, تۆی كوشت.. منی كوشت.. خۆی كوشت, ئەو هەمووومانی هەتیوو خست.. كچەكەم ئەمەوێ لەنێو ئەو تەمە ژەهراویەدا بتبینم, چركەیەك پەنجەكانم لەنێو قژە خاوەكەتدا بهێننەوە, بزانم قژت لەباران ئەچێت, ئاخر دایكت ژنێ بوو قژی لەباران ئەچوو))

لەوە دەچێت ئەوە تەنیا ساتەوەختێكی مەستی بێت یان بیر كردنەوەیەك بێت تەنیا ئەو كەسانە بەلایدا بچن كە هەست بە تاوانی دڕندەی دۆستەكانیان بكەن, جا تاوانبارەكە ژن بێت یان پیاو, كە تاوانبارەكە بۆ خۆی بە هیچ جۆرێك بیری لێ ناكاتەوە, بەلاّم برینێك دوای خۆی جێدێلێت تەنیا توڕەیی ئێمە گەورە دەكات و دەیەوێت پێمان بڵێت دەبێت بۆ ئەوەی گەمەی خۆت بكەیت فێڵەكانی ژیان بزانیت, هەڵبەت ئەو ساتەوەختە دەبێت بەكچەكەی نێو خەونی عەشق ئەو كچەی بەر لە بوونی مرد, بڵێین كچەكەم دایكت دەیەوێ فێری گەمەكردن بم ئاخر چیبكەم كە ناتوانم بەشداری لەو گەمە ساختەیە بكەم, ئەوكە قژی لەباران ئەچوو ئەمڕۆ دەیەوێ گەمەیەك بۆ خۆهەڵخەلەتان سازبكەم.

لێرە بەدوا بەرەو تەئویلێكی جیاواز دەچین تەئویلێك ئەگەر چی دەشێ ببێتە مایەی گلەیی خانمان بەلاّم لە هەمان كاتدا دەشێ بەشێك ڕاستی بۆ گەیشتەنە مانا بگرێتە خۆی و وەك چۆن تەئویلی تر لە توانای هەیە شكست بەو مانایانە بێنێت و مانای جیاواز بەرهەم بێنێتەوە, لێرەدا من قسە لەموقەدەسێك دەكەم كەكاڵبوونەوەی پەیوەست نیە بە دەسەلاّتی ڕەگەزیەوە هێندەی بەتاڵبوونەوەی بەرەنجامی گەمەیەكی ژنە و دواجار زیاد لە پێویستی عاشقبوونی پیاو دەخاتەوە ناو سیستمێكی گەمژایەتی, كە ئەوەش پەیوەستە بەگرێی دەروونیەوە بۆ تۆڵەكردنەوە لە زەبروزەنگی پیاو.

(5)

كاتێ نهێنی لەنێوان پەیوەندیی عەشق نەما, ئەو ساتە ئەفسوونی ئەو پەیوەندیە تەواو دەبێت, ئەوەش تەواوبوونی ئەفسوونی موقەدەس گەرایی عەشقە, كە عەشق دەبێتە كاڵبوونەوەی پەیوەندیی دوو كەسەكە بەیەكەوە, ئەوەی سەیر بێتە بەربینین ئەوەیە كە پیاو ئەو پەیوەندیە كاڵ ناكاتەوە, سەرباری ئەو زەبروزەنگەی پیاو لە دنیای كوردیی ئەنجامی دەدات, بەلاّم ئەوەی لەعەشق ئەفسوونی موقەدەس بەتاڵ دەكاتەوە پیاو نییە, پیاو ئەو بوونەوەرەی لەناو ماڵدا هەموو شتەكان بە فرمانی ئەو بەڕێوە دەچن و پلەكانی دەسەلاّت ئەو دابەشی دەكات, بەلاّم ئەو بوونەوەرە لە عەشقدا بە دوای وێنە نادیارەكەی خۆی دەگەڕێت, دۆزینەوەی ئەو وێنەیەش دەسبەرداربوونە لە دەسەلاّتی ڕەگەزی, بەلاّم ژن لە عەشقدا  چونكە هەست بە دەسەلاّتی ڕەگەزیی خۆی دەكات, بە پێچەوانەی پیاو هەوڵ دەدات, كاتێ پایەی خۆی لای پیاو بنیاتنا, دەیەوێ لە ڕێگەی گەمەیەكی بەردەوام دڵە ڕاوكە و ئازاری پێبگەیەنێت, بەو ئازارە هەست بە دڵنەوایی خۆی دەكات, ئەو دڵنەواییەش دەبێتە هۆكارێكی سەرەكی بۆ كاڵبوونەوەی عەشق, كە ژن لەو پرۆسەیەدا دەبێت بە خاوەنی كەسێتیەكی جیاواز, كەسێتیەكی بێباك لە بەرامبەر عەشق, ئەو هەستەی كە پێمان دەڵێت عەشقو سووتانی دۆست هەمان عەشقو سوتانی منە, دەبێتە وەهمێكی پیاوانەی عاشق, ئەوەش بە ئاگاهاتنەوەیە لەو خۆ هەڵخەڵەتاندنە, بە ئاگا هاتنەوەش عەشق كاڵ دەكاتەوە, ئەو كاڵبوونەوەیەش بەریەكەوتنی دیدگای پیاوی عاشقە لەگەڵ وێنەی یار, یار ئەو ژنەی وێنەی عەشق ناجێگیر دەكات, ئەو ناجێگیریی و كاڵبوونەوەیە ئەگەر بۆ زەمەنێكی دەست نیشان كراویش بێت, تووشی وەڕسی وباری نائاساییی دەبێت, بۆیە كاتێ پیاو تووشی ژانە سەر دێت, ئەوە نەخۆشیەك نیە ئەو تووشی بێت, هێندەی وێنەی یارە لەناو ئەودا بەرەو دۆخی گۆڕان دەچێت ودەستكاری وێنەكە دەكات, ئەو وێنەیەی بۆ عەشق هەیبووە, بۆیە كاتێ پلەی گەرمیشی بەرز دەبێتەوە(تا) ئەوە نەخۆشكەوتنی وێنەیە, وێنە كاتێ بەرەو كاڵبوونەوە دەچێت, پیاو لە عاشقێكەوە لەو وێنە و دیدەی بۆ عەشق و ئایندە پاشگەز دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ داكۆكی لەو كلتورە نێرسالاریە, ئەوەش پاشگەزبوونەوەیە لە ئیرۆسیەت و داكۆكی كردنە لە كلتوری مەرگدۆست.

ئەگەر خۆمان ڕووبەرووی ئەو پرسیارە بكەینەوە كە بۆچی ئەو وێنەیە واكتوپڕ دەگۆڕێت؟ ئەوە پێویستە ئاماژە بۆ دوو ئاراستە بكەین لەناو وێنەدا, كاتێ وێنە دەگاتە ئاستی بالاّ ویەقین پێدان بە یار  پەیوەندیی بە ئاستی نزیكبوونەوەی هەردووكیانە لە یەكتریی و فریودانی عاشقە لە لایان یارەوە, بەلاّم كاتێ حەقیقەتی فریودان و گەمەكەكان ئاشكرا دەبن, ئەو دەمەی ئاكاری یار لە گەمەو نازێكەوە دەبێتە حەقیقەتێكی تراژیدیی, ئەو ساتەوەختە ئیدیی یار لەناوماندا ئامادەگی نەماوە, ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئاستی بالاّی وێنە لە ئاراستەیەكی یەقین پێدراو دەكەوێتە نێو پرۆسەی گومانەوە, ئەوەش سەیركردنی وێنە نیە لە نائامادەگی یار, چونكە ئەو سەیركردنە دەبێ  بەخۆ هەڵخەڵەتاندنێك بەوەی عەشق گەمەیەكی هەڵخەڵەتێنەرە, بەڵكو ئەو ساتەوەختە تەنها دۆخێكە بۆ گومانكردن لە وێنە, دەنا لە جەوهەردا گۆڕینی وێنە پەیوەندیی بە یادەوەریی عاشقەوە هەیە, ئەو یادەوەریەی كە یار تیایدا ئامادەگی هەبووە, دەبێت لەو ئامادەبوونەی یادەوەریەوە سەیری وێنەكە بكەین, ئەو سەیركردنەش هەوڵێكە بۆ ناسینی یار كە ئەو كەسێكە بێ هەست, عەشقی ئەو جگە لە گەمەیەك كەتاحەدیی سەر ئێسقان گاڵتەمان پێدەكات, عەشقێك كەتیایدا گەمە ئامادەبوونی تیا هەیە نەك خۆشویستن, تەنات بە پیر بانگەوازەكەشمانەوە نایەت كاتێ پێی دەڵێین(ئەی یار.. وەرە ماچەكانت بەرەوە, با ئەو قژەی تۆ چیتر لەناو پەنجەم نەبن, بۆنی عەترو باوەش و پەنجەكانت چی لێبكەم لێرە, وەرە خەونەكان و

ڕۆژانی هەینی و لێو سورکردنت لە بەردەم پەنجەرەیەك بەرەوە, ڕاستیت دەوێ ئەگەر دەکرێ منی خۆشت بەرەوە, با لێرە چیتر بێ تۆیی نەمکوژێت)

مەبەست لەو تەئویلە بۆ عەشق کرانەوەی دەرگایە بەڕووی هەمان بابەت کە پەیوەندیی بەو نووسینەوە هەیە, کە ئەویش مردنی عەشقە, دەشێ ئێستا ئاستی بیرکردنەوە زۆر لەوە زیاتر سادە بکەینەوە بەشداریی لە خەیاڵی عاشقانەی ناو ئەو کارەکتەرە عاشقەی کەلەو نووسینەدا باسی دەکەین بکەین, بەوەی ئەو عاشقەی ئێمە لەناو ئەو نووسینەدا کردوومانەتە کارەکتەرێك بۆ قسەکردن ڕێگای ئەو بدەین بزانین ئەو لەو دۆخە چۆن دەدوێت؟ بیرلەچی دەکاتەوە؟ ئایا بە ڕاست هەر بە قسەکردنی ئێمە زوڵمێك لەو عاشقە ناکەین؟ بۆ ئەوەی لەوە زیاتر نەبینە هۆی بارگرانی عاشقەکەمان دەرفەتی ئەوە دەدەین خەیاڵی خۆی بدوێت.

(6)

با جارێکی تریش هەر بۆبیرخستنەوە ئاماژە بەوە بکەینەوە. کە ئەو تەئویلە جیاوازە لەو مانا فەرهەنگیەی لەناو یادەوەریمان هەیە بەوەی کاتێ قسە لە مردنی عەشق دەکەین ئەو قسەکردنە بە تەنیا قسەکردن بێت لە هێزی شەڕانی نێرینە بەوەی ئەوە تەنیا پیاوە نایەڵێت عەشق زیندەگی خۆی بژیێت, ئەو تێگەیشتنە بەشێکی دیاری ناو عەشقی کوردیی بەرکەوتووە, بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە دەسبەرداری هەر تێگەیشتنێکی ترین کە بەر پرسیارە لە مردنی عەشق, ئەگەر ڕابردووی عەشقی کوردیی مێژووی خیانەتکردنی کوڕی کوردیی بووبێت لە کچ, بەوەی ڕاستگۆ نەبووە لە پەیمانی خۆشەویستی لەوەی بەڵێنی مردن و ژیانی وابەستە کردۆتەوە بە عەشق, ئەوا لەگەڵ گۆڕینی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان لە ئەمڕۆدا و بەتایبەت لەگەڵ بوونی دامەزراوە مەدەنیەکان بۆ عەشق, ئەو مێژووە توانای خۆ قلّپ کردنەوەی هەبووە, بەو مانایە نا کە ئیدیی کوڕان عاشقی ڕاستگۆن و خیانەت ناکەن, بەڵکو بەو مانایەی کە کچان توانیان دەرفەتی فێڵکردن بۆخۆیان بقۆزنەوە, بەوەی ئیدیی کچان ئەو کارەکتەرە گۆشەگیرەی ناو ماڵی کوردیی پێك ناهێنن, بەوەی شوناسی مێینەتیان وابەستە بێت بە مەتەبەخ وقاپ شۆرین و جل شوشتن, بەڵکو ئەوان کارەکتەرێکی ئەکتیڤی ناو ژیانن لەڕێگەی دامەزراوەکانی وەك زانکۆ وفەرمانگە و میدیاکان و ڕێکخراوەکان, ئەوە بەو مانایەی کە ئەوان دەتوانن لاسایی هەمان گەمە ناشیرینەکەی کوڕان بکەنەوە, نەك هەر هێندە دەکرێت دەرفەتەکە زۆر قورستر هەڵبقۆزنەوە, بەوەی عەشق لە کوڕێکەوە بگوازنەوە بۆ یەکێکی تر ئەگەرچی ئەوەیان دواتر ناچێتە ناو پرۆسەی عەشقەوە هێندەی ڕقێکە بۆ تۆڵە کردنەوە لە نێرینە, بەلاّم بێئاگا لەوەی شوناسی عاشقێتی لەدەست دەدەن و لەو شوێنەدا بەرژەوەندیەکان دێن, لە شوێنی عەشقدا دەردەکەون, نەك هەر هێندەش بەڵکو شکاندنی دڵ دەبێتە کارێك کە هێندە ئاسایی بێت, کە ئیدیی نەتوانین جیاوازی نیوان دڵ و پێڵاو بکەین, ئەو ڕقە گەورە لە مەعشوق گومان کردنە لە خودی عاشق و پرۆسەی عاشقبوون, بە تایبەت ئەو دیاردەیە کە لەو ڕۆژگارەدا گەمەیەکی خانمەکانە و عەشقێکی کورت تاقی دەکەنەوە چش لەوەی لەدوای خۆیان برینێکی گەورە جێدێلن, با گریمانەکە بەوە بگەیەنینە کۆتایی, ئەگەر هات و پەیوەندیەکی خۆشەویستی هەبوو تەمەنی لە مانگێك تێپەڕی نەکرد, ئەوا ڕۆژانی ژوانیش هەینی بوو, هەر ئەو ڕۆژەش ببێتەوە کۆتایی عەشق بەبیانوی ئەوەی دۆست بڵێت"وازم لێ بێنە من هیچ شتێکم پێ نیە بۆ هیچ پیاوێك" ئێمە با واز لەو بیانووەی دۆست بێنین هێندەی بەلای ئەو هەستە فانتازیەدا بچین کە کەسی عاشق چۆن سەیری ڕۆژە جوانەکانی هەفتە دەکات, ئەو ڕۆژانەی ژوانی عەشق بوونی هەبووە و دواتر چۆن بە دیدێکی ڕەخنەییەوە سەیری ئەو عەشقە دەکات:

بێدەنگ بێئەوەی دەرفەت بدەیت بە بەردەم ئاوێنەکەدا تێدەپەڕی, پڕی لە شەرم, پڕی لە تەریق بوونەوە.. پڕی لە شەرم, پەڵەی چەندین هەفتەی بەسەرەوەیە بێدەنگ خامۆش, تۆ نا ئاوێنە پێت دەڵێ: هەینیە بۆ نایەیتە لام, بۆ لە بەردەم بریسکانەوەی من لێوت سوور ناکەیت, بۆ خۆت ناگۆڕی ئاخر هەینیە من چێژ لە مکیاژ کردنت دەبینم, لێرەش من وەك جاران دەبمەوە تۆسیراخۆر, بەوە نیە هەر خۆم لێرەم.. لە ژوورەکەم دەنگێکی زۆر دەبیستم, جەستە شەڕیەتی لەگەڵ یەك, لێوم دەیووت لە من ڕۆیی هەینیەکی تر کەس ماچم ناکات من تامەزۆری لێوەکانی ئەوم لە جەژنی سەری ساڵ دەستی چەپم تەشتێك قوڕی گرتەوە لەخۆی نا ئاگام لێبوو بە بابا نۆئیلێکی دەووت "ژیان تەواو هەینیەك نیە من بخاتە نێو دوو دەستی خوداو لێوەکانی لە نیوەڕۆیێکی درەنگدا بە تەوسەوە ماچم بکات" چاوم دەیووت چەند گەمژەن ئەی ئێوە بە من دەڵێن چی "ئاخر ئێوە بینایتان لە دەست نەداوە من کوێر بوومە و کەس ئاگای لەکوێربوونی من نیە" بەو هەموو حەسرەت وگریان وبەو سەرخۆشیەوەش دڵنەواییان دەدەمەوە هەوڵدەن بەرگەی ئەو کۆستە بگرن.. بزانن دڵ قسە دەکات بەیانیەك کردیان بە پێڵاو و کەچی بێدەنگ بۆ نەگبەتی خۆی دەگریێت بەیانیانی هەینی دەڵێ لێمگەڕێن ماندووم خەوم دێت با بنووم کێ دەڵێ لەخەودا پێم ناڵێت "ببورە لەگەڵ تۆم نەبوو, تۆ پێڵاو نیت و عاشقیت" دەمەوێ بتبەخشم زمان دەڵێ: دلڕەقی چۆن دەبەخشرێت.. گوێچکەم دەڵێت: لەناو قورگی تۆدا هیچ ئاوازێك دەرناچێت, چاوم دەڵێ: گریان چۆن دەبەخشرێت, دڵم دەڵێت: بیبەخشە لەمن سووکتر نەکراویت بیبەخشە هەموو وەرزێك و سی و سێ ساڵە من دەیانبەخشم بیبەخشە هەژدە ساڵە من دەیانبوورم بیبوورە وەك بورانی بێدەنگیی تفەنگ بە دوای هاتنە دەرەوەی فیشەك لە دەمی ئاگرەوە دەتبەخشم چونکە

دواجار تێگەیشتم لەبەردەم گەمەکانی عەشقی تۆدا پیاوێکی چەند گێلم, من کێ نەبەخشم تۆ کە هێندە گێل بووم وام مەزەند دەکرد لەناو خۆمدایت وناتوانم جیات بکەمەوە, نەمدەزانی عاشقبوون لای تۆ مانای گەمژەیی دەگەیەنێت, دەمووت چۆن دەکرێ تۆ دەرکەمە دەرەوە لە خۆم! من بەقسەی چاوم ناکەم کەکوێربووە بەزەیم بە دەستە تەنهاکانم نایەتەوە کە لە ماچی تۆ بوون ڕێز لەبڕیاری لێوم ناگرم بە قسەی دڵ دەکەم و دەتبەخشم! هیچی تێناچێت بەخشینی پیاوێکی گەمژە بەخۆم دەڵێم ئەوەی ڕوویدا گەمە بوو یان خەون, چەند زوو بوو بۆ ڕۆیشتن هەر نا هەموو نهێنیەکانت بردبا بێئاگا لەوەی دنیایەك وان لەسینە و دەمویست تەسلیمی تۆی بکەم تۆ ڕۆیشتی وتاکە پرسیارێکت لا جێهێشتم " گەمژە.. ئێستا چۆن سەیری عەشق دەکەیت؟ " عەشق گوڵێکی ووشك کراوی هەشت ساڵەی ناو شووشەیەکە لەبەردەم قاچەکانی تۆدا فڕێی دەدەم ئەوە دواین موقەدەس بوو لەناو یادەوەری مندا خستمە بەر پێیەکانت تا پێت بڵێم لەدەرەوەی تۆ نە موقەدەس بوونی هەیە نە عەشقیش مانایەکی ماوە! قوڕسە بە تۆ بڵێم لای من لەدەرەوەی تۆ عەشق مانایەکی ماوە, چیبکەم ناتوانم بڕوا بەو سەفەرەت بکەم بەوەی سەفەری ئەبەدیە و جارێکی تر ناگەڕێیتەوە, ناتوانم بەچاوم بڵێم تۆ چاك نابیتەوەو ڕۆشنایت بۆ ناگەڕێتەوە ناتوانم بە دەستەکانم بڵێم بە دەستەکانی تۆ شاد نابنەوە ناتوانم بڕوا بکەم کە بەیانیەکی تر بەیەکەوە دانانیشین و ئامێزم پیا ناکەی ناتوانم نا نانانانا قەیناکە خۆنەمردم ڕۆژێك خۆم بەعاشقی تۆ بینی نەمردم و ئامێزی تۆ لەباوەش‌و دەستەکانم لەناو دەستی تۆدا وون دەبوون, نەمردم‌و عەشقی تۆ لێم نەبووە مەراق.

(7)

کاتێ بەشداریی لەخەیاڵی کارەکتەرە وەهمیەکەمان دەکەین لێرەوە بەو دەڵێین وای دانێ هەینیەو پشوو بەو بە ئارامی بنوو, دەشێ ڕێگەی ئێمە بدەیت لەبڕی تۆ قسە بکەین.

کاتێ کارەکتەرەکەمان بەو جۆرە بدوێت مانای وایە ئەو لەناو مەراقی ئاشت بوونەوە دەژییێت بەلاّم ئەوە مانای وانیەکە دیدیی عاشقانەی ئەو بێتە دیی, بەڵکو ئەوە مەعشوقە ئاخۆ بڕیار دەدات بگەڕێتەوە, یاخود مەعشوق بەر لە ڕۆیشتن عەشقی کوشتووەو عاشقەکەمان ناتوانێ بڕوا بەو کوشتنە بکات, ئەو ئومێدە فانتازیە چیە عاشق هەیەتی بۆئاشت بوونەوە؟ ئایا ڕۆژی ڤالانتاین ڕۆژێك نیە بە هەموو پیرۆزیەکانیەوە کەگەر مەعشوق لەو ڕۆژە نەیەوێ ئاشت بێتەوە دەبێ ئاشت بوونەوە بۆ چ ڕۆژێك هەڵگیرابێت؟ بەڕاست عاشقەکەمان مەعشوق دەبەخشێت؟ ئایا بەخشین نابێتە هۆی ئەوەی ئازار وبرین هەموو ڕۆژێك عاشق وێران بکات؟ ئەو برینە تاکوێ درێژ دەبێتەوە؟ ئەوانە ئەو پرسیارانەن پێویستە بیکەین بۆئەوەی بگەین بە وەلاّم, بەلاّم چەند بێمانایە کتێبێکیش بۆ ئەو پرسیارانە تەرخانە بکرێت, کەچی مەعشوق بڕیاری نەدابێت بگەڕێتەوە, ئەوە دەبێت بەوەهمێك بۆیە هەموو کتێب ونووسینی دنیا ناتوانن فریای عاشقەکەمان بکەون بەڵکو ئەوەی توانای فریاکەوتنی هەیە دۆستەکەیەتی, بۆیە با لەعاشقەکە گەڕێین بۆ خەون و ڕۆژی ڤالانتاین.

(8)

ببورە دەبێت ببەخشیت تۆ پێلاو نیت زیاد لە پێویست عاشقی, هیچم پێ مەڵێ تەنها ببەخشە, با لەو جەژنە ئاشت بینەوە بڕوابکە تا مردن جارێکی تر دڵت ناشکێنم, ناڵێم بەڕادەی ئەوەی تۆ منت خۆش دەوێ خۆشم دەوێی بەلاّم هیچم لەو عەشقەی تۆ کەمتر نیە, با ئەو جەژنە پیرۆز بکەین. و بە پیرۆزی ئەو جەژنە با ئاشت بینەوە!

(9)

تێبینی: ئەو پەرەگرافەی سەرەوە هیچ پەیوەندیەکی بە واقیعەوە نیە بەڵکو عاشقەکەمان لەخەودا دۆستەکەی وای پێ ووت, بەلاّم ئاخۆ بەدووری بزانین ئەو خەونە ببێتە ڕاست؟ با ئەو پرسیارە بۆ ساتەوەختی خۆی بەجێ بێڵین.

(10)

سەرباری هەموو ناکۆکیەکان و دڵڕەقی ڕۆیشتن و تەنیاکردن من تەنها هەستێکم لەناو دابێت هەستێك پێم دەڵێت کە تۆ دەبێت بگەڕێیتەوە, منیش چارەیەکم نیە جگە لەوەی دەبێت بتبەخشم, بۆیە هەر لەئێستاوە هەموو ڕۆژێکت جەژن و پێکەنین‌و جوانی بێت‌و جەژنی ڤالانتاینت هەزاران جار پیرۆز.